سوره 38: ص

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ (1)

(ص) یەکێکەلەو پیتانەی کەزووتر باس کراون، سوێند بەقورئانی خاوەن ڕێزو قەدر.

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ (2)

کەچی ئەوانەی بێ باوەڕن (بڕوا بەم قورئانەپیرۆزەناهێنن، ئەوەلەبەر ئەوەنیەکەکەم و کوڕی و ناتەواویەک لەم قورئانەدا هەبێت) بەڵکو لەبەر ئەوەیەکەخۆیان بەزل دەزانن و بڕیاریان داوەلوت بەرز بن لەئاستیداو دژایەتی بکەن.

كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوْا وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ (3)

چەندەها گەل و نەوەمان پێش ئەمان لەناو بردووە(لەکاتی دەست پێ کردنی سزای ئێمەدا) هاواریان دەکرد (شیوەن و زاریان بوو) بەڵام تازەکار لەکار ترازاوەو وەختی ڕزگار بوون بەسەر چوو.

وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ (4)

(زۆربەی خەڵکی) سەرسام بوون لەوەی کەبێدارکەرەوەیەک لەخۆیان هاتووەبۆیان، کافرو بێ بڕواکان وتیان: ئائەمەجادوگەرێکی زۆر درۆزنە.

أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ (5)

(هەروەها دەیانوت: ئایا پێتان سەیر نیە) هەموو خواکانی کردووەبەیەک خوا، بەڕاستی ئەمەشتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە!!

وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ (6)

دەسەڵاتدارو گەورەکانیان ڕۆشتن (بۆلای یەکتر) داوای پابەندی و خۆگرییان دەکرد لەپێناو بتەکانیاندا، (وەدەربارەی بانگەوازی یەکتاناسی دەیانوت) بەڕاستی ئەمەشتێکی تیایە..!!

مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلَّا اخْتِلَاقٌ (7)

ئێمەئەم دەنگ و باسەمان لەدوا ئاییندا (کەئاینیی مەسیحیەو سێ خوا دەپەرستن) نەبیستووەئەمەهەر تەنها شتێکی دەستهەڵبەست و دروستکراووە!!

أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي بَل لَّمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ (8)

(هەروەها دەیانوت): ئایا (ڕەوایە) لەنێوان ئێمەماناندا قورئان بۆ (محمد صلى الله‌علیه‌وسلم) دابەزێت؟! (خوا دەفەرموێت): نەخێر، ئەوانەهەر لەگوماندان بەرانبەر قورئانەکەی من خۆ ئەگەر سزاو ئازاری منیان بچەشتایە(ئەوسا باوەڕیان پێی دەبوو)!!

أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ الْعَزِيزِ الْوَهَّابِ (9)

مەگەر ئەمانەگەنجینەی ڕەحمەت و بەخشندەیی پەروەردگاری تۆیان بەدەستەکەزاتێکی باڵادەست و بەخشندەیە(تا دیاری کردنی پێغەمبەریش بەویستی ئەوان بێت)؟!

أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَلْيَرْتَقُوا فِي الْأَسْبَابِ (10)

مەگەر ئەمانەخاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیانن (تا خێروبێر بەخشینەوەش بەئارەزووی ئەوان بێت؟ ئەگەر وایە) با بەهۆکارێک بەرزبنەوە(بۆ ئاسمان و دەست بخەنەکاروباری خوا..!!)

جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الْأَحْزَابِ (11)

سەربازانێکی (زۆر) وا لەوێ لەدەستەو گرۆ جۆربەجۆرەکان هەمیشەشکست خوردەن، (هەر تێکدەشکێن).

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو الْأَوْتَادِ (12)

پێش ئەمان قەومی نوح و عاد، (قەومی هود) وەفیرعەونی خاوەن مێخەکان، (مەبەست ئەهرامەکانە)

وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَابُ الأَيْكَةِ أُوْلَئِكَ الْأَحْزَابُ (13)

(هەروەها) (ثمود)، (قەومی صالّح) و قەومی (لوط) و خاوەن باخەچڕو پڕەکان، ئا ئەو دەستەو گرۆیانە(هەر هەموویان دژایەتی ئاین و بەرنامەی خوایان کرد، خوای گەورەش دوای ماوەیەکی دیاریکراو هەموویانی ڕیشەکەن کرد).

إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ (14)

هەریەك لەوانەهەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوە(وەبەو کارەیان) خۆیان شایستەی تۆڵەی ئێمەکرد.

وَمَا يَنظُرُ هَؤُلَاء إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ (15)

مەگەر ئەوانەچاوەڕوانی یەک دەنگی سامناکی گەورەبکەن، کەکوتوپڕ ڕوو دەدات و دووبارەبوونەوەی نیە.

وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ (16)

(خەڵکی نەفام) دەڵێن: پەروەردگارا هەرچیت بۆ بڕیار داوین پێش ڕۆژی لێپرسینەوەبۆمان پێش بێنە.

اصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ (17)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) تۆ خۆگربەلەبەرانبەر هەموو (ئەو گوفتارەنادروست و هەڵانەوە) کەدەیڵێن، یادی بەندەمان داود

بکەکەتوانایی و دەسەڵاتمان پێبەخشیبوو، بەڕاستی ئەو هەمیشەدڵی لای ئێمەبوو، بەتەنگ ڕەزامەندی ئێمەوەبوو.

إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ (18)

ئێمەش کەژو کێوەکانمان کردبووەیارو یاوەری، ئەوانیش یادو تەسبیحاتی خوایان دەکردو پێکەوەدەیان وتەوەو دەمەو ئێواران و بەرەبەیانەکاندا.

وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُ أَوَّابٌ (19)

باڵندەکانیشمان بەدەوریدا کۆکردەوەو (هەموویان پێکەوەتەسبیحاتیان دەکرد)، هەموویان گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری ئەو بوون.

وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ (20)

ئێمەدەسەڵاتی بەهێزو پڕ توانابیمان لەحکومەتەکەیدا بەرپا کرد، هەروەها حیکمەت و داناییشمان هاوڕێ لەگەڵ قسەو فەرمانی بەجێدا پێ بەخشی.

وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ (21)

ئایا (ئەی پێغەمبەر صلّی اللهعلیەوسلم) هەواڵی ئەوانەت پێنەگەیشتووەکەکێشەیەکیان هەبوو، بەدیوارا سەرکەوتن و خۆیان گەیاندە(میحراب) و پەرستگاکە؟!.

إِذْ دَخَلُوا عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُوا لَا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُم بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاءِ الصِّرَاطِ (22)

کوتوپڕ خۆیان کرد بەژووورداو چوونەلای داود، ئەویش لێیان ترسا، وتیان: مەترسە، هەردووکمان ناکۆکیەکمان هەیەو لایەکمان ستەمی لەلایەکمان کردووە، داواکارین کەدادپەروەریی لەنێوانماندا بڕیار بدەیت، وەلایەنی هیچ کەسێکمان نەگریت، ڕێنمونیشمان بکەبۆ ڕێگەی ڕاست و دروست.

إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ (23)

یەکێکیان هاتەگفت و وتی: ئەم برایەم نەوەدو نۆ کاوڕی مێچکەی هەیەبەڵام من تەنها یەک کاوڕەمێچکەم هەیە، کەچی پێم دەڵێت: ئەو کاوڕەشم بدەرێ، بەقسەی زلیش قەناعەتی پێ کردووم.

قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنْ الْخُلَطَاء لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ (24)

(داود) وتی: بێگومان (ئەو برایەت) ستەمت لێ دەکات بەوەی کەدەیەوێ تاکەکاوڕەمێچکەکەی تۆ بخاتەسەر کاوڕەکانی خۆی، جا بەڕاستی زۆربەی ئەوانەی کەشەریک و هاوبەشن ستەم لەیەکتری دەکەن، جگەلەوانەی کەئیمان و باوەڕیان هەیەو کارو کردەوەی چاک ئەنجام دەدەن، ئەوانیش زۆر کەمن، (ئینجا دیار نەمان) ئەوسا ئیتر داود دڵنیابوو کەئێمەتاقیمان کردۆتەوە، (لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم: فێرببێ کەبەپەلەحوکم دەرنەکات...دووەم: هەموو کاتێ لەپەرستگادا نەباتەسەر، چونکەئەو خەڵکەگیروگرفتیان هەیەو، چارەسەری گیروگرفتیان جۆرەچاکەو خواپەرستیەکە) ئیتر داوای لێخۆشبوونی لەپەروەردگاری کرد، وەبەکوڕنوش و سوژدەدا چوو، داوای لێبووردنی کرد...

فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ (25)

ئێمەش لەو هەڵەیەی خۆش بووین، بێگومان ئەو لەنزیکان و خۆشەویستانی ئێمەیەو خۆشترین جێگەو ڕێگەمان بۆ ئامادەکردووە.

يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ (26)

ئەی داود: ئێمەتۆمان کردۆتەجێنشین لەزەویدا، فەرمانڕەوایی لەنێوان خەڵکدا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام بدە، هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتەهۆی گومڕا کردن و لادانت لەڕێبازی خوا، چونکەئەوانەی لەڕێبازی خوا لادەدەن سزای بەئێش و پڕ ئازار بۆیان ئامادەیە، بەهۆی فەرامۆشکردنی ڕۆژی لێپرسینەوە.

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاء وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ (27)

ئێمەئاسمان و زەوی و دروستکارانی نێوانیانمان بێ هودەو هەڕەمەکی دروست نەکردووە، ئەوەگومانی ئەوانەیەکەکافرو بێ بڕوان، هاوارو ئاهوناڵەبۆ ئەوانەی کەکافرو بێ بڕوان لەئاگری دۆزەخدا.

أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ (28)

ئایا ڕەوایەکەحسابی ئەوانەی کەئیمان و باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکەئەنجام دەدەن، وەک تاوانبارو تاوانکاران بێت؟!

كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ (29)

(لەڕاستیدا) ئەم قورئانەی کەڕەوانەمان کردووەبۆت (ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم)، زۆر بەفەڕو موبارەکە، دەبا ئایەتەکانی لێکبدەنەوەو بیری لێ بکەنەوە، دەبا خاوەن بیرو هۆشەکان یاداوەری وەرگرن و تێفکرن.

وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ (30)

ئێمەسولەیمانمان بەخشی بەداود، ئەویش بەندەیەکی چاک و پاک و خواپەرست بوو، هەمیشەبەسۆزەوەداوای لێخۆشبوونی (لەخوا) دەکرد.

إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ (31)

دەمەو ئێوارەیەک ئەو ئەسپەچاکانەی (کەئامادەکرابوون بۆ غەزا) هێنایان و نمایشیان دا.

فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ (32)

سولەیمان وتی: من هەمیشەحەز لەم جۆرەکارانەدەکەم و گرنگی بەم ئەسپانەبەخێر دەزانم، (لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ببنەهۆی ئەوەی) کەلەیادی پەروەردگارم غافڵم بکەن و یادی فەراموش بکەم، (ئەسپەکان) غاریان کرد تا لەچاو وون بوون.

رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالْأَعْنَاقِ (33)

(لەوەودوا سولەیمان فەرمانی دا) کەبیانگێڕێتەوە(وەکەگەڕانەوەبۆلای) دەستی دەهێنا بەڕان و ملیانا (وەبەو شێوەیەخۆشەویستی خۆی دەردەبڕی بۆیان، چونکەئەوانەهۆکارێکن بۆ غەزاو گەیاندنی ئایینی خوا).

وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ (34)

ئێمەسولەیمانمان تاقی کردەوەو لاشەیەکی (ناتەواومان) فڕێ دایەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتییەکەی، ئینجا ئەویش داوای لێخۆشبوونی کردو پەنای بۆ ئێمەهێنا.. (چونکەبەبێ پشت بەستن بەخوا بەئومێدی چەند کوڕێک بوو).

قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِي إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ (35)

بۆیەوتی: پەروەردگارا لێم خۆش ببە، وەدەسەڵات و تواناییەکم پێ ببەخشەکەبەکەسی نەبەخشیت لەدوای خۆم، چونکەبەڕاستیی تۆ بەخشێنەری (هەموو نازو نیعمەتێکیت).

فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ (36)

(ئێمەنزامان گیرا کردو) جووڵەو حەرەکەتی بامان بۆ ڕام هێنا، کەبەفەرمانی ئەو هاتوچۆ بکات، بۆ هەر کوێ کەبیەوێت.

وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاء وَغَوَّاصٍ (37)

هەروەها شەیتان و پەرییەکانیشمان (کردەخزمەتگوزاری) لەهەموو جۆرەبیناسازێک و مەلەوانێکی ژێر دەریا.

وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ (38)

هەندێکی تریش بەکۆت و زنجیر بەسترابوونەوە(تا نەتوانن خراپکاری ئەنجام بدەن).

هَذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (39)

ئەمەبخششی ئێمەیە(بۆ تۆ ئەی سولەیمان) تۆش دەبەخشیت، یان نابەخشیت لێپرسینەوەت نیەو خۆت سەربەستی و (ستەم ناکەیت).

وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ (40)

بێگومان (سولەیمان) لای ئێمەبەڕێزە، وەجێگەو ڕێگەی خۆشمان بۆ ئامادەکردوە(لەبەهەشتدا).

وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ (41)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) سەرگوزەشتەی بەندەی ئێمە(ئەیوب)یان بۆ باس بکە، کاتێ کەبانگی لەپەروەردگاری کردو وتی: شەیتان توشی نەخۆشیێ و ئازاری کردووم..

ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ (42)

(ئێمەش دۆعاو نزامان گیرا کردو وتمان:) هەستە، بەپێی خۆت ڕاکە، ئەوەئاوێکی ساردەبۆ خۆشتن و خواردنەوە.

وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَى لِأُوْلِي الْأَلْبَابِ (43)

(پاشان) هەموو کەس و کاریمان پێبەخشی و ئەوەندەی تریش، (ئەوە) ڕەحمەت و میهرەبانی تایبەتی بوو لەلایەن ئێمەوە، یاداوەریشەبۆ هەموو خاوەن بیرو هۆشەکان.

وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ (44)

(ئەیوب سەلامی خوای لێبێت جارێک لەخێزانەکەی دڵی ئێشا، سوێندی خوارد کەئەگەر چاک بۆوەچەند دارێکی لێبدات، خوای میهرەبانیش وەڕێزێک بۆ ئەو ئافرەتەوەفادارەفەرمانی پێ دا کە:) چەپکێ لاسکی ناسک بگرێ بەدەستەوە(بەقەدەر ئەو ژمارەیەی کەبڕیاری دابوو، وەبیماڵی بەهاوسەرەکەیدا، وەفەرمووی) سوێندەکەشت موشکێنە، ئێمەبینیمان زۆر خۆگرو ئارامگر بوو، بەندەیەکی چاک و ڕێک و پێک بوو، بەڕاستی ئەو تەوبەکارەو هەمیشەدڵی لای (پەروەردگارە).

وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُوْلِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ (45)

(ئەی پێغەمبەر صلى اللهعليهوسلم) باس و یادی بەندە(بەڕێزەکانمان) ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب بکە، هەموویان دەستێکی باڵایان هەبوو لەگەیاندنی ئایینی خوادا، دەستێکی باڵایان هەبوو لەچاکەو چاکەکاریدا، هەروەها بەرچاو ڕوونی و شارەزایی تەواویان هەبوو لەهەموو ڕوویەکەوە.

إِنَّا أَخْلَصْنَاهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ (46)

ئێمەبەتایبەتی هەڵمانبژاردن کەیاداوەری ڕۆژی ڕەستاخێز بکەن و هەمیشەقیامەتیان لەیاد بێت و یادی خەڵکیشی بێننەوە.

وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ الْمُصْطَفَيْنَ الْأَخْيَارِ (47)

بەڕاستی ئەوانەلای ئێمەلەو کەسانەن کەهەڵمانبژاردوون و پەسەندمان کردوون.

وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنَ الْأَخْيَارِ (48)

هەروەها باس و یادی (ئیسماعیل و یەسەع و ذوالکفل)یشیان بۆ بکەکەهەریەکێک لەوانەلەهەڵبژاردەو پەسەند کراوەکانن.

هَذَا ذِكْرٌ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ (49)

ئەمانەهەمووی (سەرگوزەشتەی ئەو پێغەمبەرانەیە) یادو باسی ئەو ئادەمیزادەبەڕێزانەیە، وەبۆ پارێز کارو لەخواترسەکانیش چاکترین جێگەو ڕێگەو شوێنمان ئامادەکردووە.

جَنَّاتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ الْأَبْوَابُ (50)

باخەکانی بەهەشتی عەدنە، کەهەر هەموو دەروازەکانی لەسەر پشتەبۆیان.

مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ (51)

تیایدا بەئاسودەیی شانیان داداوە، بەردەوام داوای میوەی زۆرو خواردنەوەی هەمەجۆر دەکەن.

وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ (52)

(ئەو بەختەوەرانە) حۆری هاوتەمەنی بەحەیاو شەرم لایانە، کەتەنها عاشقی هاوسەرەکانیانن و چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن.

هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ (53)

ئا ئەم بەڵێنی (نازو نیعمەتە) پێتان دراوەلەڕۆژی پاداشتدا بۆتان ئامادەیە.

إِنَّ هَذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ (54)

بەڕاستی ئەمەڕزق و ڕۆزییمانە(بۆ بەختەوەران) هەرگیز تەواو نابێ و کۆتایی نایەت.

هَذَا وَإِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ (55)

ئەمەی باسکرا (بۆ ئیمانداارانە) بەڵام بۆ ستەمکارو یاخیبووەکان ناخۆشترین جێگەو ڕێگەئامادەیە.

جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمِهَادُ (56)

دۆزەخ، دەگەیەنرێنەناوی کەشوێنێکی زۆر ناسازو سەخت و ناسۆرە.

هَذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ (57)

دەبا هەر بچێژن و بخۆن لەئاوو خۆراکی زۆر گەرم و کێم و زوخاوی داچۆڕاو.

وَآخَرُ مِن شَكْلِهِ أَزْوَاجٌ (58)

شتی تریش لەوبابەتانەهەمەجۆر دەرخواردیان دەدرێت.

هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ (59)

(کاتێ کەستەمکاران بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن هەندێ فریشتەپێیان دەڵێن:) ئەوەتاقمێکەلەگەڵ ئێوەدا پاڵەپەستۆیانە، (ئەوانیش دەڵێن) دەک بەخێر نەیەن، ئەوانیش دەبێ بگەیەنرێنەدۆزەخ و بچنەناو ئاگرەوە.

قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا فَبِئْسَ الْقَرَارُ (60)

(لەوەڵامیاندا) دەڵێن: ئێوەبەخێر نەیەنەوە، ئێوەئەم شوێنەتان بۆ ئێمەمسۆگەر کرد، ئای کەجێگەیەکی ناسازو ناخۆشە.

قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ (61)

(دوایی بەدەم ئاهو ناڵەوە) دەڵێن: پەروەردگارا ئەوەی بوو بەهۆی ئەوەی کەئا ئەم شوێنەبەنسیبی ئێمەببێت، سزای چەند بەرابەری لەناو دۆزەخدا بۆ پێش بێنە.

وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَى رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ (62)

هەروەها دەڵێن: ئەوەکوا بۆچی ئێمەکەسانێک نابینین کەکاتی خۆی بەخراپ و (دواکەوتوو کۆنەپەرست دەماندانەقەڵەم).

أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ (63)

(کاتی خۆی) گاڵتەمان پێ دەکردن، توانجمان تێ دەگرتن، (کەچی ئەمڕۆ یا لێرەنین) یان بەرچاومان لێڵ و تاریکەو نایان بینین!!

إِنَّ ذَلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ (64)

بەڕاستی بەسەرهات و کێشمەکێش و دەمەدەمێی دۆزەخیەکان حەقیقەت و ڕاستەقینەیەو (بۆیان پێش دێت).

قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (65)

(ئینجا ئەی پێغەمبەر صلى اللهعليهوسلم) پێیان بڵێ بەڕاستی من تەنها بێدارکەرەوەم، جگەلەخوای تاک و تەنهاو بەدەسەڵات و خەشمگیر (لەتاوانباران) هیچ خوایەکی تر نیە.

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ (66)

(ئەو خوایە) پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و هەموو دروستکراوانی نێوانیانە، زۆر باڵادەستەو هەروەها لێخۆشبووەو چاوپۆشی دەکات (لەهەڵەو گوناهی ئیمانداران).

قُلْ هُوَ نَبَأٌ عَظِيمٌ (67)

پێیان بڵێ: ئەم هەواڵ و دەنگ و باسە(دەربارەی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ..هتد) هەواڵ و دەنگو باسێکی زۆر گەورەو گرنگن.

أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ (68)

(بەڵام) ئێوەپشتی تێدەکەن و گوێی بۆ ناگرن.

مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَى إِذْ يَخْتَصِمُونَ (69)

خۆ من (مەبەست پێغەمبەرە) هیچ ئاگاداری ئەوەنەبووم کەچی گوزەراوەلەشوێنەبڵندەکان و لەناو فریشتەکاندا.

إِن يُوحَى إِلَيَّ إِلَّا أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ (70)

بەڵکو تەنها ئەوەیەکەوەحی و نیگام پێ دەگات کەمن تەنها بێدارکەرەوەیەکی ئاشکرام.

إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِن طِينٍ (71)

(بیریان بخەرەوە) کەکاتی خۆی پەروەردگارت بەفریشتەکانی وت: کەمن دەمەوێت بەشەرێک، لەگڵ و خاک دروست بکەم.

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ (72)

جا کاتێ کەدروستم کردو لەڕۆحێ کەمن خاوەنی ئەوم، فووم پیا کردو گیان و ژیانم پێبەخشی ئێوەی (فریشتە) هەمووتان سوژدەی (ڕێزو تەقدیری بەفەرمانی من) بۆ بەرن.

فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ (73)

(مەهوو فریشتەکان فەرمانی خوایان بەجێ هێناو) سوژدەیان برد.

إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنْ الْكَافِرِينَ (74)

جگەلەشەیتان نەبێت کەلەو کاتەدا لەناو فریشتەکاندا بوو فووی کردەخۆی و خۆی بەگەورەزانی و خۆی خستەڕیزی کافرانەوە.

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ (75)

خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوەچی نەیهێشت و نایەڵێت سوژدەبەریت بۆ ئەو کەسەی کەبەدو دەستەی بەتوانای خۆم دروستم کردووە؟! ئایا

خۆتت بەگەورەزانی یا هەر لەزووەوەخۆت بەشت دەزانیت و خۆت لا بەرزو گەورەیە.

قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ (76)

(شەیتان) وتی: من لەو چاکترو بەنرخترو پیرۆزترم، (چونکەتۆ) منت لەئاگر دروست کردووەو، ئەوت لەقوڕ بەدی هێناوە.

قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ (77)

(خوا) فەرمووی: (مادام وایە) دەرچۆ لەبەهەشت و بەجێی بێڵەچونکەتۆ ئیتر ڕەجمکراوو دوورخراوەیت (لەڕەحمەتی من).

وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَى يَوْمِ الدِّينِ (78)

بەڕاستی لەعنەت و نەفرینی منت لەسەرە تا ڕۆژی قیامەت (چونکەتۆ فەرمانی منت جێبەجێ نەکرد).

قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (79)

(شەیتان) وتی: پەروەردگارا دەی کەواتەمۆڵەتم بدەتا ئەو ڕۆژەی کە(نەوەکانی ئادەم) زیندوودەکرێنەوە.

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ (80)

خوا فەرمووی: (باشە) تۆ لەمۆلەت دراوانیت.

إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ (81)

تا ڕۆژوو کاتی دیاری کراو.

قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (82)

(ئینجا شەیتان) وتی: سوێند بەدەسەڵاتی بێ سنوورت شەرت بێ هەرهەموویان گومڕاو سەرگەردان بکەم.

إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ (83)

جگەلەبەندەو عەبدەدڵسۆزەکانت کەخۆت هەڵتبژاردوون (دەسەڵاتی ئەوانم نیە).

قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ (84)

(پەروەردگار) فەرمووی: سوێندم بەحەقیقەت و ڕاستی ، حەق و ڕاستیش دەڵێم:

لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ (85)

شەرت بێ دۆزەخ پڕ بکەم لەتۆو لەهەموو ئەوانەی کەشوێنی تۆ دەکەون.

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ (86)

(تۆ ئەی پێغەمبەر بەو خەڵکە) بڵێ: من هیچ پاداشت و خەڵاتێکم لەئێوەناوێت، من لەو کەسانەش نیم کەشت هەڵبەستم و لەخۆمەوەشت دروست بکەم.

إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ (87)

ئەم قورئانەتەنها ئەوەیەکە: یادخەرەوەیەبۆ (هەموو خەڵکی) جیهان، (لەهەموو کات و شوێنێکدا).

وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ (88)

لەداهاتوویەکی نزیکدا، هەر لەدنیادا هەواڵی ڕاستی و دروستی ئەم ئاییینەدەزانن، لەقیامەتیشدا هەموو شتێک بەتەواوی ئاشکراو ڕوون دەبێت.